# پەپوولەیەك لەكردنەوەی باڵەكانی كتێبەوە...

# یادەوەری چراكان دادەگیرسێنی[1]!



هیوا عەلی ڕەشید

*بۆ هاوڕێم (ئازاد بەرزنجی) پێشكەشە*

من ئێستا كە بۆیە هاتووم!
هەتاوەكو لەسەر شەقامی حەقیقەت خۆم بدزمەوەو
لەسەر سوچی گومانەوە تێپەڕ ببمو
لەكۆڵانی واقع هەڵبێم؟
هەتاوەكو خۆم دەكەم بەناو قۆزاخەی ئەندێشەداو
ئەچمەوە بۆ ماڵی ئیلهام؟
هەتاوەكو بۆ ئەبەدی لەناو نوێنی هۆنراوەیەك
تێر تێر بنووم.
من ئێستا كە تەمەنی پەپوولەیی خۆم
ئەوەرێنم!
هەتاوەكو لەسوتانی ئەوینمەوە،
هەتاوەكو لەشكانی پەڕوباڵی فڕینمەوە،
هەتاوەكو چرایەك گەلێك ڕووناكتر،
بەگڕێكی گەلێك لەوەوپێش بەرزتر؟
لەخۆڵەمێشی خۆمەوە دووبارە دادەگیرسێنم.
من ئێستاكە ئاوێنەی بینینەوەی خۆم
ئاوێنەی عاسی بوونی خۆم لەتارمایی و
لەتەنهایی؟
ئەكێشم بەسەكۆی ئەرزا!
هەتاوەكو هەرچی پارچەی پەرتبووی شاعیریم هەیە،

هەتاوەکو هەرچی پارچەی شکاوی عاتیفەم هەیە،
هەتاوەکو هەرچی پارچەی درزبردووی خەونم هەیە،
بۆ دروستکردنی شیعرێك دێنە دەرێ
لەتاو سزا.
من ئەمجارە کۆلارەی هەڵکردووی خەیاڵ؟
لەکەناری رۆحی دەریا،
لەئێوارەیەکی تەنیا،
داناگرمەوە بۆ زەوی؟
هەتاوەکو تاریك دادێ و
خۆر ون ئەبێ و
رووناکی ئەپێچرێتەوە؟
تاکو دووای بانگ!!!
هەتاوەکو رەشەبایەکی توند دێت و
بەکرەی هەستم دەپچڕێنێ و
ئەڕواو...... ئەڕوا؟
هەتاوەکو لەئاسمانی شاعیرییم دا
بۆ رووناك کردنەوەی شیعرێك
ئەبێت بەمانگ.
من ئەمجارە دەستی نزام
بۆ خولقاندنی ئیلهامێك
لەلای خوددا
ناهێنمەوە بۆ سەر زەوی؟
هەتاوەکو جارێکیش بێ تەنها یەك جار!!!
دوعای زڕی هەستەکانم گیرا دەبێ و
سەری رازی بوونی یەزدان بلەقێنێ و
لەجێی تەرزەو بەفرو باران لەو سەرەوە؟
پارچەی پەرت پەرت بووی هەوێنی دروست کردنی چامەیەك
بەسەرما دەکەوێتە خوار.
ئەی مامۆستا چۆن بتوانم گەورەیی تۆ بنووسمەوە!
لەکاتێکدا وشە خەریکە ون ئەبێ و
رەنگی رەشی مەرەکەبم لەتەنگە نەفەسی نیگای کاڵ کاڵ ئەبێ و
خەیاڵ خەریکە کوول ئەبێ و
قەڵەم خەریکە مان ئەگرێ و
بڕیار ئەدا کە نەنووسێ؟

تۆ لەو کاتە دێیتەوە ناو سەحرایی سپی دەنووسمەوە.
ئەی مامۆستا دەبێت بەقوڵنگی فەرهاد؟
شاخی بەهرەم هەڵ بکۆڵم!
هەتاوەکو لەبێستوونی وەفاداری،
لەتەمەنی بەسەرچوودا،
دێڕەکانی ئایەتی ئەوینی شیرین
لەسەر دڵ رەقی کتێبی بەردی دەروون
بۆ ئەبەدی بەجێ دێڵم
ئەی مامۆستا چۆن ئەتوانم
لەقەسیدەیەکدا بۆ تۆ!
هەرچی نۆتەی قامیشەلآنی بەهرەیەو
هەرچی ئاوازی غەریبی شمشاڵەو
هەرچی تەنهایی و میحنەتی ناو کێوانە؟
لەسەر سێپای ئازارەکان
بنووسمەوەو
لەسەر هۆڵی چامەیەکدا؟
ئەم دەنگانە بژەنمو
من خۆم بکەم بە(مایسترۆ)
ئەی مامۆستا تۆ ئەوەندە
پێت بەبێدەنگی خۆتا نا،
تۆ ئەوەندە ئاوازی خۆت بیر بردەوەو
تۆ ئەوەندە رووت لەتەنهایی وەرگێڕاوو
سەیری تارمایی خۆت نەکرد؟
هێند ئاوازی رۆحت لێ دا!
هەتاوەکو دەنگە ژێکان ئەو توانایەیان لێ بڕا؟
ئەم هەمووە دەنگی بێ دەنگییە بگوێزنەوەو
ئەم هەمووە رەنگە بێ رەنگییە بخوێننەوەو
ئەم هەمووە نۆتەی وشەیە بنووسنەوە؟
هەتاوەکو هەستی (بیستن)،
لە(بتهۆڤن) جیابووەوەو
رۆیشتەوە بۆ جێگای هەتا هەتایی
بۆ گوێچکەکانی مۆسیقا.
تۆ بۆ بۆنکردنی گوڵێك
باڵەکانی هەستی بۆنکردنی هەنگت

لەبنەوە دەردەهێنا!
بۆ بادانی سەری شوشەی عەترێکیش تۆ
بەرگی پڕ گومانی حەیایی پەپوولەشت
لەتەنافی حەقیقەتت ئەکردەوەو توند ئەتگووشی
هەتاوەکو ئاوی یەقین لێی ئەچۆڕا.
ئەی مامۆستا تۆ بۆ گواستنەوەی وشەیەك
لەزمانێك بۆ زمانێکی دی
چاوی (بۆرخیست) ئەبەخشی
بەڕۆشنایی و نوری خودا!
تۆ ئەوەندە لەکوانوی ئەویندارییدا سەرت نەواند لەحزوری کتێبێکی پەڕە زەردا
بۆ بینینەوەی وشەیەك لەژێر میحنەتی تەپوتۆز
پیووی گلێنەی (لاهوتیت) توایەوەو
لەپشکۆی چاو کەوتە خواریێ؟
بۆیە ئێستا ئەگەر خۆڵەمێشی بگرن
سەر کۆزەری فرمێسکەکانی لاببەن؟
ئەوەی لێی دەمێنێتەوە ئەبێتەوە بەڕووناکی
دیدەی (زەردەشت)ی (ئاڤێستا).
ئەی مامۆستا تۆ بۆ وەرگێڕانی هەتاو
بەدیووە سێبەرەکەییدا
بۆ ئەوەی شەونمی بەیان لەناو جانتای خونچەیدا
نەبێتە هەڵم!
چاوت بەدروست کردنی خەرمانەیەك
بەدەوری مانگی بەهرەت دا
دا ئەپۆشیێو
چەندان رەنگت لەبیر ئەکرد؟
هەتاوەکو تۆ ئەبویتە هونەرمەندی چاوەڕوانی ناو دەرییایەك
لەسکێچی تابلۆی ناو لم.
ئەی مامۆستا تۆ بەپاستێل و کۆلاجی گومانەوە
لەناو پالێی راڕایی و نیگەرانی
حەقیقەتت ئەگرتەوە!
ئەی مامۆستا تۆ لەناو نەخۆشی قوڵی (دافنشی)دا
لەناو ئەوینی دایکی دا
رەنگەکانی خەندەو نیگات تێکەڵ ئەکرد
لەپشت پەردەی گریانەوە لەتابلۆیەکی خاڵیدا لەو سەرەوە

(مۆنالیزا)ت ئەخستەوە.
ئەی مامۆستا تۆ لە(دەنگی پێی ئاوەوە)
گوێی (کاشانت) کرایەوەو
(باڵندەی کۆچەرت ناسی)و
(تریفەی تەنهایت) نووسیو
گەیشتیت بەقیبلەی پاکی گوڵەباخو
گەیشتیتە عەرشی شیعرەکانی (سوهراب)!
ئەی مامۆستا تۆ لەهاوینی میحنەتی قەهری ژنێکی تەنهادا،
تۆ لەکوانوی پڕ ئاگردا،
باوەڕت کرد (بەسەرەتای سەرهەڵدانی وەرزێکی سارد)
تۆ لەدەریای پڕ خۆشەویستی (فروخدا)
بووی بەسەراب.
ئەی مامۆستا تۆ لەگەڵ خەمێکدا ئەژی خەمت نییەو
لەژانێکەوە ئالأوی ژانت نییەو
لەنیشتمانێکدا ئەژی مەنفای تۆیەو
لەگەڵ ژیانێکدا ئەژی کە نایناسیو
لەگەڵ مەرگێکدا دوژمنی کە هاوڕێتە؟
پێم ناڵێی بۆ!!!
ئەی مامۆستا لەزەمەنێك دێت بۆن بەدەمی گوڵەوە ورد وشە ئەکەن
نەبا جاریٚ بەهەنگی راگەیاندبیٚ خۆشم ئەوێی،
لەزەمەنێك کە ئەهریمەن بالاّ دەستەو
خودا لەپەناو پەسێران دەشارنەوە
لەزەمەنێك کە تاریکی هەڵم دەکاو
نوری چرا لەدالأنا دەخنکێنن،
لەزەمەنێك خەندە لەلێو دائەتاشن
دەنگ لەگەروی کەناریدا دەردەهێنن،
تۆ چۆن توانیت بەسەر (نیما)و (شەهریار)دا
بازبدەیتو
بگەڕێیتەوە بۆ (شاملۆ)
ئەی مامۆستا تۆ چۆن توانیت کە بەبەفر!
پەیکەری هەست دابڕێژیو
شێرە بەفرینەی عاتیفە دروست بکەی
مل پێچی گڕ
بکەیتە مل (هایکۆ)ی شیعر.

ئەی مامۆستا تۆ چۆن توانیت لەقوولآیی (ئەبسۆردیزما)
(سامویڵ بیکێت) رازی بکەی
بۆ گەڕانەوەی (گۆدۆ)؟
بۆ سەر شانۆ!
ئەی مامۆستا تۆ چۆن توانیت ئەم هەمووە هەستی (نهیلیزمە)
ئەم هەمووە هەستی تەنهاییەو
ئەم هەستی پڕ (ئاتایسزمە)؟
تۆ بهێڵی لەڕۆمانێکی بچووکدا کۆی کاتەوە
(ئەلبێر کامۆ).
ئەی مامۆستا بەم (کەمانچە رەشە)ی دەستت
ئەم هەمووە رەنگاو رەنگیەی نۆتەی
شیعرو
نۆتەی شانۆو
نۆتەی فیکرو
نۆتەی گفتوگۆو وەرگێران؟
چۆن لێ ئەدرێ!!!
ئەی مامۆستا بەم دوو باڵە بچووکەوە
ئەم هەمووە بەرزبوونەوەی سەمای تەیری
(مشێل فۆکۆ)و
(جەهان بەگلو)و
(خوان رۆڵفۆ)و
(هابرماس)و
(بابەک ئەحمەدی)و (عەلەوی)؟
لەیەک ئاسمان چۆن هەڵ ئەفرێ.
ئەی مامۆستا تۆ چۆن توانیت
لەناو ئینجانەی (سەردەم)دا
ئەم هەمە چەشنیەیی گوڵە
لەناو تاقێکی دڵت دا پەروەردەکەی!
ئەی مامۆستا تۆ چۆن توانیت
بەکەشتییەکی کاغەزەوە دەریایی داهێنان ببڕیت و
بەباڵۆنی خەیاڵەوە
ئاسمانی واقعو راستی تێ پەڕێنی و
لەزیندانی تاریکییەوە
تونێلێک بۆ چرا لێ دەی.

ئەی مامۆستا تۆ چۆن توانیت بەم هەموو ژانی وشانەو
بەم هەمووە خەمی رستانەو
بەم هەمووە گریەی کتێبەو
بەم هەمووە گڕی سوتانە؟
ببیت بە(گوڵە مێخەکی) بەر بەرۆکی بەرزی خەندە!
ئەی مامۆستا تۆ چۆن توانیت لەسەر زەوی قەڵەمەوە
بگەیتە ئاسمانی وشەو
هەوری بەهرە دابگریت و
بەسەر ناوبانگ بوونی خۆتدا بیبارێنی؟
تۆ ئێستاکە مرۆڤێکیت لەڕۆحیەتێکی باڵندە.
ئەی مامۆستا لەگەڵ هەموو خەمێ شیعرێ
لەگەڵ هەموو ژانێ بوونی ناو رۆمان و
نیگەرانی ناو فەلسەفەو
گفتوگۆکانی ناو شانۆ لەگەڵ تۆدا ئێمەش دەژین!
ئەو کاتانە لەگوڵدانی تەماشادا بەیەك دەگەین؟
ئەو کاتانە هەودای ئیلهام بەدەرزی شیعرەوە ئەبێ و
پەری خانیش فەرشی قەصیدە دەچنێ و
چاوی شاعیر لەتەنهاییدا کوێر نابێ،
ئەو کاتانەی بەیادی تۆوە ئەنووسین.....!

